IRAQI Academic Scientific Journals
العراقية المجلات الأكاديمية العلمية

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)

Journal of Language Studies

Contents available at: http://jls.tu.edu.iq

# Humanism in the Poems of Sherko Bekas between (1970-1973)

**Asst. Prof. Dr. Adnan Abdul-Rahaman Taha** *
**Sulaimani University**
**E-mail:** adnan.taha@univsul.edu.iq

-----------------------------------------------

**Dr. Sabur Hama Kareem**
**Suaimani University**
**E-mail:** sabur.hamakareem@univsul.edu.iq

## Keywords:

-poetics
-humanism
-feelings

## Article Info

**Article history:**

**Received:** 1-7-2021

**Accepted:** 17-8-2021

**Available online**

## Abstract

Sherko Bekas, A Kurdish poet and scholar, is regarded to be one of the founders of the *rwanga*. He is a poet of a suppressed nation. lives within the sufferings and melancholy of his own nation. He never feels tranquility. Human or individual is the center in his poems. The greatness and holiness of the country is bound to the greatness and elevation of the man. Racial discrimination, gender discrimination and religious discrimination are what Bekas wants to eradicate. The task is to familiarize our readers with his ideology. Humanism is what he announces in his poems. That is why "Humanism in Sherko Bekas's Poems" is written to evaluate the humanistic notion of in his poems. The illustration is if two grounds: One is the idea of humanism and its history. The second is the depiction of the humanism in his poems. Finally the conclusion sums up the resuts of the study.

* **Corresponding Author**: Dr. Adnan Abd_ Alrhaman Taha , E-Mail: adnan.taha@univsul.edu.iq
**Tel**: +9647701921849 , **Affiliation**: University -Iraq

## هیومانیزم له شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس دا (ساڵانی ١٩٧٠- ١٩٧٣)

**پ.ی.د . عدنان عبدالرحمن طه – کۆلێژی زمان – بەشی فارسی**
**د.صبور عبدالکریم حمه کریم - – کۆلێژی زمان – بەشی فارسی**

| | |
|---|---|
| **الخلاصـة:** يع[ شـيركو بيكس احد ابرز و اشـهر المفكرين والمؤسـسين وشـــعراء روانگه . ويعد بحد ذاته جيلا كاملا . لان كلماته نابع من صـميم وعمق المآسـي و الويلات التي مر بها خلا حيات عمره ومسيره حياته ، لم تعرف نفسه لحظة طعم الامن والامان و الهدوء .<br>الانسان عنده يعتبر محور احاسيسه و وأغراضه الشعرية ومرتبط عنده بعظمة وقدســية وطنه ، لذا الانســـان والوطن لا يمكن تجزئتهما عن البعض ، فهما مكملان لبعضـــمها البعض و دون اي اختلاف في الجنس و القومية والدين ، وعليه رأينا أنه من الضـــروري بل الواجب علينا ان نسلط الضوء ومن خلال بحث علمي على هذا البعد الانساني المهم في اشـعار شـيركو بيكس ونبين للقراء والمتابعين ذلك الاحســاس الانساني المرهف.<br>ومن هذا المنطلق اردنا ان نقوم بأعداد دراسة على شكل قسمين تحت عنوان ( الانسانية في اشعار شيركو بيكس)<br>القسم الاول :- يتحدث عن مفهوم الانسـانية و تأريخ نشـأته الادبية و الانســـانية فى دعوة الروانگة أيضـــاً في بعض الآثار المؤســـسين الروانگه .<br>القسم الثاني :- خصـصـت لتحليل وشرح اشعاره التي نظمها في هذا المجال .<br>وفي الختام ســنقوم بغرض ما توصـــلنا اليه في دراســـتنا فيما يتعلق بأشعار الشاعر والمبدع (شيركوبيكس ) للقراء والمتابعين . | **الكلمات الدالة:-**<br>الشعرية<br>الانسانية<br>الإحساس<br><br>**معلومات البحث**<br>**تاريخ البحث:**<br>الاستلام: ١_٧_٢٠٢١<br><br>القبول: ١٧_٨_٢٠٢١<br><br>التوفر على النت |

## پێشەکی :

شـێرکۆبێکەس ، یەکێکە لە دیارترین دامەزرێنەران و بیرمەندان وشـاعیرانی روانگە ، شـاعیری نەوەیەکە کە لە قوڵایی کارەســـات و نەهامەتیەکاندا ژیا و بۆ ســـاتێکیش ئاســـایش و ئارامی لە دەروونیدا بەدینەکرد . مرۆڤ لای شـێرکۆ چەقی هەموو هەسـت و مەبەسـتە شـیعرییەکانیەتی و گەورەیی و پیرۆزیی نیشـتمان لە لای ناوبراو بەندە بە مرۆڤەکانی ئەم نیشـتمانەوە بە بێ جیاوازی لە رەگەز و نەتەوە و ئایین ،کاریگەرییەکانی ســـەرهەڵدانی بزوتنەوەی روانگە و نوێخوازییەکانی رابەرانی ئەم بزوتنەوەیە بە شێوەیەکی بەرچاو لە شیعرەکانی شێرکۆدا (بە تایبەت ساڵاتی ١٩٧٠بۆ

١٩٧٣) بە ئاشکرا دیارە و یەکێک لەم رەهەندە گرنگانەی کە بزوتنەوەی روانگە بۆ ئەو مەبەستە هاتەکایەوە (مرۆڤ و بەها بالاکانی مرۆڤایەتی )بوو ، بۆیە بە پێویستمان زانی تیشکی توێژینەوەیەکی زانستی ئەم رەهەندە گرنگەی شیعرەکانی ناوبراو (سالانی ١٩٧٠- ١٩٧٣) رووناک بکاتەوە و خوێنەرانی شیعری شێرکۆ بە هەستی هیومانیزمی ناوبراو ئاشنا بکەین ، لەم سۆنگەیەوە هەستاین بە ئامادەکردنی ئەم باسە .

**ناونیشانی توێژینەوە :** هیومانیزم لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس دا(سالانی ١٩٧٠- ١٩٧٣) .

**ئامانجی توێژینەوە :** تیشک خستنە سەر بزوتنەوەی هیومانیزم و ئاشنابوونی خوێنەر بەم بزوتنەوەی فکرییە نوێیە کە زادەی کاریگەرییەکانی جەنگەخوێناوییەکانی مێژووی کارەساتباری مرۆڤایەتی بوون و هەروەها رەنگدانەوەی بنەما هزرییەکانی ئەو بزوتنەوەیە لە بانگەوازی روانگە و بەرهەمی دامەزرێنەرانی روانگە بە گشتی و بەتایبەتی لە شیعری (سالانی ١٩٧٠- ١٩٧٣)شێرکۆ بێکەسدا .

**پلانی توێژینەوە :** ئەم باسە دوو بەش لە خۆ دەگرێت ، بەشی یەکەم : چەمکی هیومانیزم و مێژوو و سەرهەلدانی ئەم بزوتنەوە ئەدەبیە و هەروەها رەنگدانەوەی بنەماکانی ئەم بزوتنەوەیە لە بانگەوازی روانگە و بەرهەمی دامەزرێنەرانی بزوتنەوەی روانگە و بەشی دووەمیش تەرخان کراوە بۆ لێکدانەوە و راڤەی شیعرەکانی شاعیر کە دەچنە بازنەی کاری توێژینەوەکەمانەوە و پاشان ئەنجامی کارەکەمان بە چەند خالێک خستوەتەبەرچاوی خوێنەر و لە کۆتایشدا کورتەی باسەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی دەخەینە بەر چاوی خوێنەران .

**رێبازی توێژینەوە:** لەم باسەدا رێبازی وەسفی شیکاری دەگرینە بەر بۆ خستنەرووی بابەتەکان و شیکارکردنی شیعرەکانی شاعیری ناوبراو .

## بەشی یەکەم :

بەو پێیەی کە هیومانیزم لە جیهانی رۆژئاوادا لەدایك بووە و بە هۆی بیرو بۆچوونی فەیلەسوفە رۆژئاواییەکانەوە گەشەی سەندو بە هەموو جیهاندا بلاوبوویەوە ، بۆیە بە باشمان زانی هەر لە روانگەی فەرهەنگی زانیاری رۆژئاواییەوە لە پێناسەی ئەم چەمکە بگەرێین ، لەوانە (فەرهەنگی زانیاری پۆل ئیدواردز ) کە بەم جۆرە لە هیومانیزم دەدوێت:

(( هیومانیزم بزوتنەوەیەکی فەلسەفی و ئەدەبیە کە لە نیوەی دووهەمی سەدەی چواردەهەم لە ئیتالیادا سەری هەلدا و بەرەو ولاتانی تری ئەوروپا گەشەی سەند . ئەم بزوتنەوەیە یەکێکە لە هۆکارەکانی سەرهەلدانی رووناکبیری نوێ .

هیومانیزم ئەو فەلسەفەیە کە بەها و پلەی مرۆڤ دەنرخێنێت و مرۆڤ دەکاتە پێوەری هەموو شتێك و بە واتایەکی تر سروشتی مرۆڤ و سنوور و پەیوەستییە سروشتیەکانی مرۆڤ دەکاتە بابەتی کاری خۆی )) (١ Edwards, Paul, the Encyclopedia of Philosophy, NewYork, (Mccmillan, 1976- (p67-70)

مانا سەرەتاییەکەی هیومانیزم ، کە چەمکێکی مێژووییە ، لایەنی سەرەکی و ژێربینای رێنسانسە ، هەمان ئەو لایەنەی کە بیرمەندان لەو رێگەیەوە بۆ کەمالی مرۆڤ دەگەران لە جیهانی سروشت و مێژوودا و راڤەی مرۆڤیشیان هەر لەم رەهەندەوە دەکرد .

((هیومانیزمەکان بریاریان دابوو تا ئەو ژیانە رۆحییەی کە مرۆڤ لە سەردەمی کلاسیکدا هەیبوو و لە سەدەکانی ناوەراستدا لە دەستی دابوو ، جارێکی تر لە رێگەی ئەدەبی کلاسیکیەوە بۆی بگەرێننەوە و ئەوەش هەر ئەو رۆحی ( ئازادی ) یە بوو کە رێگە خۆشکەر بوو بۆ داخوازی خودموختاری و بەرێوەبردن و هەروەها لەکاتێکدا کە مرۆڤ خۆی بە گیرۆدەی سروشت و مێژوو دەزانی بە دوای زانستێکەوە بوو تا بتوانێت سروشت و مێژوو بهێنێتە ژێر رکێفی حکومەتەکەی خۆی و بە سەریاندا زال بێت.

هیومانیزم وەك ( گەرانەوە بۆ سەردەمی کۆن ) بە مانای نوێکردنەوەی رابردووی دێرین نەبوو ، بەلکو لە هەولدا بوو کە ئەو هێز و بەهرە کۆنانەی کە لە سەردەمی یۆنانی کۆندا هەبوون زیندوو

بکاتەوە و گەشـــەیان پێ بدا و ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە هیومانیســـتەکان هەندێك لە بیروباوەڕی خەڵکی سەدەکانی ناوەڕاستیان لە دەست دابوو . هۆکاری سەرنجی ئەوان بۆ ئەدەبی کۆن (هۆنراوە ، وتار ، ڕەوشـــت و ســـیایەت ) ئەمەبوو کە ئەوان لەو باوەڕەدابوون کە وەها ئەدەبێك توانای پەروەردە کردنی مرۆڤی هەیە کە بە شـێوەیەکی کاریگەر ئازادی و ویسـتی خۆی بەکار دەبات ))
. (. Edwards, Paul, the Encyclopedia of Philosophy- (p67-70) )
لە پێناسەیەکی تردا بەم جۆرە باس لە هیومانیزم کراوە:
((هیومانیزم ، مرۆڤ سـالاری ، ڕەسـەنایەتی مرۆڤ ، ئەو قوتابخانەیەیە کە مرۆڤی وەك ناوەند و چوارچێوەی بەدیهێنان داناوە و بە بەستنەوەی ڕەسەنایەتی ئەو بە ڕەسەنایەتی خواوە ، دین یا خود هەر بابەتێکی نامرۆڤانە ڕەت دەکاتەوە.
واتا گشـتییەکەی ئەم دەسـتەواژەیە بریتییە لە هەر سـیسـتەمێکی فەلسـەفی ، سـیاسـی ، ئابووری ، ڕەوشتی یان کۆمەڵایەتی کە کرۆکەکەی مرۆڤ بێت.
ئەم قوتابخانەیە مرۆڤی وەك تاکە ڕاسـتەقینەی بەدیهێنراو سـەپاندووە و ئەوی لە بری خوا داناوە ، هەر بۆیە لە دژایەتیدایە لەگەڵ چوارچێوەی خوایەتیدا و لە جۆرە توندڕەوانەکەشـــی هەموو جۆرە ئەندێشەیەکی میتافیزکی وەك سروش بە ڕاست نازانێت و مرۆڤی کردووەتە خاوەن و فەرمانڕەوای جیهان و بە شیاوی پەرستن و ستایشی دەزانێت ))( نقدی بر لیبرالیسم و اومانیسم ، ل ٢٠ )
هەروەها (( ئەم بزوتنەوەیە مرۆڤ بە میحوەری هەموو بەهاکان دادەنێت ،واتە رەســـەنایەتی دەبەخشێتە ئیرادە و ویستی مرۆڤ . لە بیری هیومانیزمیدا هەموو شتێک بە مرۆڤ دەستپێدەکات و بە مرۆڤ کۆتایی دێت و هیچ راستەقینەیەک باڵاتر لە مرۆڤ بوونی نیە ، بۆیە هیومانیزم بەرامبەر بە مەکتەبی دین کە لە سـەربنەمای خودا میحوەری دانراوە ، دەوەسـتێتەوە )) ( رشـد ، شـبکە ملی مدارس ، /http://daneshnameh.roshd.ir)
کەواتە لە ناوەندی بازنەی هیومانیستیدا دوو پێناسـەی سـەرەکی بوونی هەیە ، یەکێکیان مودێرن و ئەویتر لەبنەڕەتدا دێرین ، لە سەردەمی ڕێنسانسدا پێناسەی دووەم زیندووکرایەوە کە هەردووکیان هیومانیزم لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی فیکری (خوێندنەوە مرۆڤایەتییەکان)پێناسەدەکەن .
وشـــەی humanismus بوو بە هۆی جەختکردنەوە لەســـەر بەرنامەیەکی فێرکاری لە ئاســـتی دواناوەندی سەردەمی کلاسیك کە پشت ئەستوور بێـــت بە بەرهەمەکانی یۆنان و لاتین و هەروەها جیاوازی لە بەرنامە زانستییە مۆدێرنەکاندا کرد .
پاشـــان مێژوونووســـانی ســـەدەی نۆزدەهەم ئەم وشـــەیان بەکاردەهێنا بۆ بەرنامەیەکی فێرکاری و فەرهەنگی دەستەیەك لە نووسەران ، مێژوونووسان و فەیلەسوفەکانی ڕێنسانس وەك / پیترارك ، والا ، فیچینۆ ، پۆمپۆنازی ،...
بەم پێیە وشەی humanismus لە humanista یان humanist ەوە وەرگیراوە ، کە هاوڕێ لەگەڵ هاوئاستەکانیدا لە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئیتاڵیایی ئاماژەی بەو وانەبێژانە دەدا کە لە خوێندنگا و زانکۆکاندا وانەیان دەوتەوە و هەروەها بۆ خوێندکارانی زانســـتەمرۆڤایەتییەکانیش بە کاریان دەهێنا .
پاوڵ کریســـتلەر (Paul Kristeller) لەو باوەڕەدایە ( ئەگەر بمانەوێت لەســـەر بنەمای ئەو دەرکەوتە سـەرەتاییانەی کە تا ئێستا بوونیان هەیە داوەری بکەین ، وادێتە پێش چاو کە ئەم وشـەیە لـە زمـانـە لۆکـاڵییـەکـەی خوێنـدکـارانی ئیتـاڵیـادا ڕەگی هـەیـە ، چونکـە لای ئـەوان مـامۆســـتـای زانستەمرۆڤایەتییەکان پێی دەوترا umanista)
George Voigt’s 1859 The Revival of Classical Antiquity or The First Century of Humanism)
بەو پێیەی کە لە ســـەدەکانی ناوەڕاســـتدا مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی وروژێنراو و بێ دەســـەڵات ، دەسـتەوسـان بوو لە بەرامبەر دەسـەڵاتی خاوەنانی کەنیسـەدا ، بۆیە بە شـێوەیەکی سـروشـتی ئەم ڕاستیە لەسـەردەمی ڕێنسانسدا بوو بە هۆی لەدایکبوونی بزووتنەوەیەك کە بۆ مەبەسـتی بەدەست خستنەوەی ئازادی ، سەرەتا دەستیان دایە چاکسازی دینی و پاش ماوەیەك بە شێوەیەکی توندڕەوانە ئینکاری ئەو دینەیان کرد کە بە سەریاندا سەپێنرابوو ، بۆیە ئەنجامی ئەمەش وێناکردنی سیمایەکی

دزێو و ناشـیرین بوو لە دین کە لە لایەن کەنیســەوە سـەپێنرابوو ، ئەوەبوو بزووتنەوەیەك لە ژێر ناوی هیومانیزم لە ڕێنسانسدا سەری هەڵدا کە خۆشبەختی مرۆڤی لەگەڕانەوە بۆ ڕۆژگاری دێرین ، واتە بۆ ســـەردەمی هاوەڵگەرایی دەبینییەوە ، ئەوان لەو باوەڕەدابوون کە لەو ســـەردەمانەدا مرۆڤەکان بە بێ پابەند بوون بە دین و کەنیسە و دەسەڵاتدارانەوە و تەنها بە توانا و لێهاتوویيەکانی خۆیان بەختەوەریيان بەدەســت هێنابوو و ڕێگەی ژیانیان ڕووناك کردبوویەوە و ڕێگەی گەیشـتن بەو سەردەمەش لە دەروازەی فەرهەنگ و ئەدەبی کلاسیکیەوە دەبێت .

هیومانیزمەکان ئەوەیان ڕەت دەکردەوە کەجەخت بکرێتەوە لەسەر ئەو زانستانەی کە پەیوەندیدارن بە سەروو سروشت و ڕەهەندە ئاسمانیەکانی مرۆڤ و تەنها لایەنگری ئەو هونەرانەیان دەکرد کە لە ژیانی کۆمەڵدا کاریگەری هەبوو ( وەك هونەری دەربڕین و لقەکانی وەك سیاسـەت ، مێژوو و شیعر ) و هەروەها حەزیان لە هونەری مشتومڕ بوو و بە شێوەیەکی گشتی هیومانیزمەکان پەیوەســتی بیرۆکەیەك بوون کە جەختی دەکردە ســـەر شـــوێن پێ و تواناکانی تاکی مرۆڤ لەم جیهانەدا .

( پێشـــینەی هیومانیزم دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانی کۆن کە خواکانیان تایبەتمەندی و تەنانەت شـــێوەی مرۆڤیشـــیان هەبوو و ئەندامەکانی لەشـــی مرۆڤ گرنگترین بابەتی هونەری نیگارکێشـــان و پەیکەرتاشین بوو .

پاش دەرکەوتنی مەســـیحییەت و بە فەرمی ناســـرانی ئەم دینە لە لایەن ئیمپراتۆری ڕۆماوە بە فەرمانی کۆنســـتانتین ، فەرمانڕەوایی سـیاســی و فەرهەنگیش لە پاڵ ڕابەرایەتی دین کەوتە ژێر دەستی کەنیسەوە .

زیادەڕەوییەکانی کەنیسە لەسەدەکانی ناوەڕاستدا لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بەهای مرۆڤ و ڕێزی ئەودا ، بووە هۆی کاردانەوەی توند و سەرهەڵدانی هیومانیزم.

هەندێك لەو بیروڕا و کردەوە دژە مرۆڤانەیەی کە کەنیســـە بەردەوام جەختیان لەســـەر دەکردەوە بریتی بوون لە :

مرۆڤ بە شێوەیەکی زاتی تاوانکارە و هیچ مافێکی هەڵبژاردنی نییە . عەقڵ و زانستی مرۆڤایەتی جیاوازە لە دین و هەموو کارێکی زانسـتی دەست تێوەردانێکی شـەیتانییە لە کاروباری جیهاندا و دژی پەرستشکارییە . دین و دونیا ، چێژە ڕۆحانی و جەستەییەکان بەردەوام دژ و جیاوازن لەگەڵ یەکتر و هیچکات پێکەوە کۆنابنەوە . خەڵك لەمەڕ بیروباوەڕەکانی خۆیان لە بەرامبەر کەنیســـەدا خاوەنی ویست نین . خاوەندارێتی ئاسمان ، لێخۆشبوونی گوناهەکان ، فرۆشتنی زەوی بەهەشت لە دەسەڵاتەکانی کەنیسەیە .

لە بەرەنجامی ئەم زیادەڕەوییە و شکاندنی ڕێزی مرۆڤ ، دژایەتییە سەرەتاییەکانی دژ بە کەنیسـە و ئیمپراتور و فیودالەکان لە باشوری ئیتالیاوە دەستی پێکرد و لەسـەدەی ١٤ تا ١٦ سـەرانسـەری ئیتالیا و پاشان ئەڵمانیا ، فەڕەنسا ، ئیسپانیا و بەریتانیای گرتەوە .

خەڵکە ناڕازییەکە ، بانگەشـــەی زیندووکردنەوەی ڕێزی مرۆڤیان دەکرد و ســـەرەتا بە زیندوو کردنەوەی ئەدەبی کلاسیکی یۆنان و ڕۆمان ، هەوڵیان دەدا ئازادی لەدەست چوویان بگەڕێننەوە . ئەوان پاڵپشـــت بە ئازادی ژیری و دژایەتی کردنی ڕاهێنانە دینییەکان مەبەســـتیان بوو تا چێژە جەســـتەییەکان وەك مەبەســـتی کۆتایی مرۆڤ پێناســـە بکەن و خۆگرتنەوە و دوورە پەرێزی وەك هۆکارێکی نەرێنی دەست کەوتنی چێژ و سوود لەقەڵەم بدەن ) . (خدا ودین در رویکرد اومانیستی ، ل ١٤ - ١٨) . هیومانیزم بەرەبەرە باڵی بەسەر ڕەهەندەکانی ژیاندا کێشا بەتایبەتی ئەدەب و هونەری پەیکەرتاشـــین و وێنەکێشـــان ، بەڵام بە شـــێوازێکی جیاواز لەوەی پێشـــووتر ، واتە هیومانیزمەکان بەرەبەرە واتایەکی سـێکســی جوانیان بۆ خەڵکی ئیتالیا بەرجەسـتەکرد . پەیکەری ئاشـکرای مرۆڤێکی تەندروسـت بە شـێوەیەکی ڕووت ، بووە شـتێکی ئاسـایی و باو لە ناو خەڵکی خوێنەواردا. زۆرێك لە هیومانیزمەکان چیتر بیریان لە جیهانی غەیبی نەدەکردەوە و بەو پێیەی کە ســـزاو پاداشـــتیان هەر لەم جیهانەدا دەبینییەوە ، بۆیە هەوڵیاندەدا تا بە دروســـتکردنی پەیکەری چاکەکاران خۆشبەختی هەتاهەتاییان پێ ببەخشن .

هونەری هیومانیزمی زیاتر خۆی بەوشـــتانەوە خەریك دەكرد كە بینراو بوون و كەمتر حەزیان لە غەیب و نەبینراوەكان بوو ، واتە هونەری هیومانیزمی زیاتر واقیع گەرا بوو .

شەپۆلی بەرەو هیومانیزم چوون تەنانەت هەندێك لە پلەدارەكانی كەنیسەشی گرتەوە تا ئەوەی كە ( نیكۆلای پێنجەم كە لە ١٤٤٧ بۆ ١٤٥٥ پاپابوو) یەكەمین پاپای هیومانیزم ، پلەڕۆحانییەكانی دەدایە دەست زانایان و بیرمەندان و ڕێزی لە بیرو زانستی ئەوان دەگرت و گوێی بە قسەی كەنیسە نەئەدا .( http://ar.wikipedia.org/wiki/ كاتدرائية القديس بطرس)

هەر لەم میانەیەدا ( لۆرێنزۆ) كە كەســـایەتییەكی ئەبیگۆری بوو و دژایەتی كەنیســـەی دەكرد ، كرایە سكرتێری تایبەتی پاپا و ئەم سیاسـەتە تا داگیركردنی ڕۆم لە ١٥٢٧ دا بەردەوام بوو و ئەو ڕیفۆرمەی كە لە سەردەمی دەسەڵاتی (لۆئەی دەیەم كە لە١٥١٣ بۆ ١٥٢١دەسەڵاتدار بوو) دەستی پێكرد بەرهەمی سیاسەتی بێ دینی پاپاكانی سەردەمی ڕێنسانس بوو .

(http://ar.wikipedia.org/wiki/ لورينزو دى مديشى)

پچڕانی پەیوەندی هیومانیزمەكان بە كەنیســـەوە نەبووە هۆی ئەوەی كە ئەوان ئیتر لە ژێر ئاڵای عەقڵدا كاربكەن ، بەڵكو وەكو برتراندراسل دەڵێت :

(( زۆرینەی هیومانیزمەكان ئەو باوەڕە پوچانەی كە لە كۆندا لایەنگریان هەبوو هەر پاراستبوو . جادو و ســـیحر لای ئەوان نامومكین نەبوو با خراپیش بێت ، خوێندنەوەی بورجەكان و ئەســـتێرە لای ئەوان پەسەند بوو و وەها تەشەنەی سەند كە تا ئەوكاتە وەها بەربڵاوییەكی بە خۆوە نەدیبوو)) (راسل برتراند ، تاريخ فلسفه غرب ، ل ٣٧٤ .)

لێرەدا بەم كورتە بابەتە كە لە سەر پێناسە و مێژووی بزوتنەوەی هیومانیزم و بیروڕای بیرمەندانی ئەو بزوتنەوەفكرییە خســـتمانەڕوو بەســـەندە دەكەین و دێنە ســـەر دامەزرێنەرانی روانگە و تێروانینیان بۆ هیومانیزم :

پەیامی ئاشكرا و مەبەستی دامەزرێنەرانی روانگە ، بە روونی لە بانگەوازەكەیاندا رەنگدەداتەوە كە لێرەدا بۆ خستنەڕووی تێروانینیان بۆ هیومانیزم و مرۆڤ ، پشت دەبەستین بە چەند بەشێک لە بانگەوازی روانگە كە لە ناوەرۆكیدا ، گرنگیدان و خەمی ئەم دەســـتە دامەزرێنەرە كە شـــێركۆ بێكەس دیارترینیانە بە مرۆڤ و مرۆڤایەتی و مافەكانی مرۆڤی سەردەم ، بە روونی دەبینینەوە :

(( ســـەدەی تـازە هەزاران ســـنووری داڕێژراوی لەوەبەری بە تەووژمی بیر و بـاوەڕی نوێی شۆڕشگێڕی نەترس و ئازا راماڵی و شوێنەواری زۆریشی سڕینەوە . ئەو سەدەیەی كە لە هەموو ڕێبازێكا گیانێكی تازەكردنەوەی بزواند و لە گشـت گوڕبەسـتنەوەیەكی چوونەپێشـەوەیدا ، ئەوەی سـەلماند كە مانەوە و ژیان هەر بۆ ئەو ڕێچكەی كاروانە شـەو شـەق كەرانەیە كە بە ناو دۆزەخی ئـازار و بەربەســـتیدا ڕێگای ئـاوات ئەگرنە بەر . بەڵێ ..... ئەو ســـەدەیەیە كە مرۆڤ تیـایا دەســـتەویەخە روو بە رووی ئەو گورگی مردنـانە ئەجەنگێت كە ئەیـانەوێت ژیـانی لێ بكەنە شـانۆیەكی نائومێدی و ورەبەردان و دەسـتەوسـانیی ، تاوەك هەر نێچیرێكی لاواز و بەسـتەزمان دەم بنێنە لاكی ! )) (بانگەوازی روانگە ، گۆڤاری روانگە ، ژمارە ١ ، ل ٧)

لەم بەشـەی بانگەوازی روانگەدا بە روونی پاڵپشتی و خەمخۆری بانگەوازەكە بۆ مرۆڤی سـەردەم دیارە كە باس لە راستییەک دەكات ئەویش پێشـێل كردنی مافەكانی مرۆڤێكی بی پشـت و پەنایە لە لایەن گورگ سـیفەتەكانەوە بەڵام ئەو مرۆڤە لەسـەرمافەكانی كە بریتیەلە ژیانێكی سـەبەرسـت و ئازاد بوێرانە بە گژ دوژمناندا دەچێتەوە .

لە بەشێكی تری بانگەوازی روانگەدا هاتووە :

(( نهێنی پاشـەڕۆژی رووناک و سـەركەوتن و زاڵ بوونی ئەدەبی تازە و بیری نەوەی نوێ ، لە تەنها رازاندنەوە و ئارایشـت كردنی دیوی دەرەوەدا نیە ، بەڵكو لە چوونە خوارەوەشـدایە بە بنج و بێخی هەست و نەست و ژیانی ئادەمیزادی سەدەی بیست هەمدا ... هەموو وشەیەک ئەیەوێـــت بژی و بجووڵێت و جێگەی خۆی بكاتەوە )) (بانگەوازی روانگە ، گۆڤاری روانگە ، ژمارە ١ ، ل ١٠ ،١١)

لەم بەشـــەی بانگەوازەکەدا مەرجی پاشـەڕۆژی روناک بەسـتراوەتەوە بە بەهەندوەرگرتنی ژیانی ئادەمیزادی سەدەی بیستەم و مرۆڤ دەبێـــــتە تەوەری ناوەرۆکی شیعرەکانیان و وشە دەچێـــــتە خزمەتی ئەو مەبەستەوە .
لە بەشێکی تری بانگەوازەکەدا بەمجۆرە هاتووە کە :
(( دواجار ، بانگەوازی ئێمە کە لە گەرووی بیری نوێی شـــۆڕشـــگێڕییەوە ســـەر هەڵئەدات و بە کەژاوەی رازاوە و نەخشینی تازەکردنەوە و رێگای سەرفرازی و پێشکەوتن ئەگرێتە بەر ، دیارە ئەبێـــــتە مەڵبەندی ئەو رێباز و بیرە نوێیانەی کە سـەرەڕای هەموو جیاوازییەکیش لە نێواندا ( لە رووی فەلســەفەی تایبەتیی قاڵبووی ناو مێشــک و ناخی دەروونی خۆیانەوە بەرامبەر بە مرۆڤ و ژیان ))) (بانگەوازی روانگە ، گۆڤاری روانگە ، ژمارە ١ ، ل١٢،١٣)
لێرەشـدا جارێکی تر بانگەواز جەخت دەکاتەوە لە سـەر بە تەوەرگرتنی مرۆڤ و ژیانی مرۆڤەکان و هەموو ئەم چەمکانە ئەوەمانە پێدەڵێن ، کە رۆحی بانگەوازی روانگە هیومانیزمییەکی تەواوە و مرۆڤ ومافەکانی مرۆڤ تەوەری سەرەکی ئەم بانگەوازەیە .
بۆ زیاتر ئاشـنا بوونی خوێنەر بە هیومانیزم بوونی دامەزرێنەرانی روانگە ، ئاماژەیەک ئەدەین بە دوو دەقی ئەدەبی :
ســـەرەتا بەشـــێک لە دەقی پەخشـــانێکی (کاکە مەم بۆتانی) دەهێنینەوە کە بە روونی رۆحی مرۆڤدۆستی و مرۆڤپەروەری تیادا دەبینینەوە ، کە دەڵێت :
(( من لە خەباتا دۆستی گەلانم ، .. لە تەک ڤیەتنام و فەلەستین و کوبا ... شان بە شانی رەشـەکان لە پێناو خۆشـکردنی ئاگرێک ئەجوڵێین کە ئەم سـەرو ئەو سـەری دنیا بگرێتەوە . تاوەکو ئیتر ئێمە بەسەر ئەواندا هەڵشاخێین . سبەینێ کە ئاسمان و زەوی دەستیان لێک بەردا ، رووناکیی تاریکیی راوناو و لە کونی نەمانی خزاند ، بەســەر لاشــەکانیانا ئەڕۆین ... هەر ئەڕۆین . ئەوکات پەنجەت بۆ درێژ ئەکەن ...
ئەم رەش پۆشە کێ یە ؟
نای ناسیت ؟
نا بەخوا ... بەڵام سەربەرز دیارە !
ئەوە دەزگیرانی رۆڵەی نەتەوەیەکە کە گشت کەلێنێکی دنیایان ئاوەدان کردەوە .))
(سێبەری بەر سەنگەری مەرگ ، کاکە مەم بۆتانی ، گۆڤاری روانگە ، ژمارە ١ ، ل ٤١،٤٢)
وەک دیارە شیعری شاعیر خۆی بە دۆستی گەلان دەزانێـــــت و هاوڕێی خەباتی گەلانی ڤیەتنام و فەلەستین و کوبا و رەشەکان دەزانێت و ئەمەش ترۆپکی رۆحی هیومانیستیە .
(حسێن عارف )یش چیرۆکی ( چاڵی جەرگی پیرێژن ) دا بەم جۆرە مرۆڤە بە ناهەق کوژراوەکان وێنا دەکات :

- ( ٢٥) ی نیسانی ١٩٦٣ ؟!
- بەڵێ ..
- لەو رۆژەدا ژنتان بۆ نیشانە کرد ؟!
- بەڵێ .. بەڵێ ..
- نەیانپەرژاوە ئەڵقەکەی لە پەنجە دەکەن .. تەرمی شەهیدی ئێوە ئەمەیە !..

ئەڵقەیەکی زێڕی خۆڵاوی و تورەکەیەک ئێسک و پرووسکی تەڕی دایە دەس .
بە سەرێک چۆڕاوگەی فرمێسکی ئەرژانە سەر توورەکەکەی دەستی ، بە سەرێکی تریش ئەتوت مژدەی ژیانێکی نوێی پێ راگەیەنراوە !

- لەعنەتتان لێ بێ .. نۆ مانگ دەسخەڕۆم ئەکەن ..

نۆ مانگە ئازاری گومانم ئەکەن بە قوڕگا !.
...............

(چاڵی جەرگی پیرێژن ، حســێن عارف ، گۆڤاری روانگە ، ژمارە ١ ، ل ٢٢،٢٣)

هەوێنی ئەم چیرۆکەی(حسێن عارف) مرۆڤی بە ناهەق کوژراوی دەستی ستەمکارانە ، کە لێرەدا بەسەرهاتی واقیعی کوشت و بڕی زەعیم صدیقی تاوانکار خراوەتە بەر باس کە حکومەتی بەغدا لە حوزەیرانی ١٩٦٣ دا ناردیە سەر خەڵکی مەدەنی پارێزگای سلێمانی تا ملکەچی دەستەڵاتیان بکات ، بەڵام بۆی نەکرا. وەک ئاشـــکرایە تەوەری ئەم چیرۆکە مرۆڤە و مافە بە ناهەق پێشێلکراوەکانیەتی و جەرگی سوتاوی دایکێکی پیر کە هەناسەی ناخی دەروونی بۆ کۆرپەی بە ناهەق کوژراوی وەکو گڕی تەنوور بڵێســەدارە .بۆیە ئەم دەقە ناوەرۆکێکی هیومانیزمی هەیە و مرۆڤ بووەتە تەوەری سەرەکی بابەتی چیرۆکەکە کە رەنگدانەوەی واقیعێکی مێژووییە .

## بەشی دووەم:

## تایبەتمەندییەکانی شیعری شێرکۆ :

بەرهەمەکانی شێرکۆ گێرانەوەیەکی نەمرن دەربارەی مرۆڤ ، ئازادی ، ژیان ، نیشتمان و شۆڕش . شێرکۆ لە شیعرەکانیدا لە مرۆڤێک دەدوێت کە ناهێڵن بە ئاسودەیی هەناسەبدات . لە ئەزموونی شـــیعرەکانیدا هەموو رەنگەکان بەدیدەکرێن ، رەنگی مرۆڤ ، رەنگی بەرەنگاری ، رەنگی سروشت ، نیشتمان و تەنیایی .. هەموو ئەم رەنگانە بە شێوازی جۆراوجۆر خۆیان دەنوێنن ، هەر لە رۆمانەوە بگرە تا شیعر و هتد ، کە ئەمەش بەرەنجامی ساڵانێکی زۆری ئەزموونی ناوبراوە .

شیعری شێرکۆ بەتایبەتی ( ساڵانی ١٩٧٠ -١٩٧٣) ئاوێنەی هەموو موسیبەت ، بەشخوراوی ، ئازار و هەژاری و کارەســـاتەکانە ، کە بەردەوام وەک نەهامەتییەکی نەبڕاوە رووبەڕووی مرۆڤەکانی ئەو سەردەمە بوونەتەوە .

زمانی شـــیعری ناوبراو ئەگەرچی لەچاو شـــیعری شـــاعیرانی هاوڕێیدا پڕخوازە و تا رادەیەک ئاوێتەی رەمز و ڕازن و تێگەیشـــتنیان ئاســـان نیە ،بەڵام خاوەنی زمانێکی پاڵاوتە و جوان و تۆکمەن .

ناوەرۆکی شیعرەکانی شێرکۆ تیرێکی جەرگبڕن کە لە لایەن شۆڕشگێڕانەوە ئاراستەی دوژمنان دەکرێن و هەستی مرۆڤدۆستی و نیشتمانپەروەری و ئازادیخوازی و یەکسانی و دادپەروەری لە ناخ و گیانی خوێنەرەکانیدا بڵێسەداردەکات و شیعرەکانی دەبنە وێردی سەرزمانی شۆڕشگێڕان و هاونیشتمانییەکانی بۆ بەگژاچوونەوەی ستەم و بەشخوراوی مرۆڤەکانی ئەم نیشتمانە .

بۆ شێرکۆ ناسینی شیعر هەروەک ناسینی ژیانی مرۆڤەکان ، کارێکی گرنگ و لە پێشینەیە . لە شیعرەکانی ناوبراودا ،خەیاڵ سنووری نیە و بەرەو هەموو رەهەندەکان هەنگاو هەڵدەگرێـــت ، بە تایبەتی لەو سات و شوێنانەدا کە مرۆڤ و مافەکانی لە لایەن ستەمکارانەوە پێشێل دەکرێن ، ئەوا شیعری ئەو پارێزەر و نوێنەری چەوساوەکان و بەشخوراوانە .

## شێرکۆ و مرۆڤ :

شێرکۆ لە شیعرەکانیدا ، گرنگی تایبەت بە دەستەواژەی مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەدات و ناوەڕۆکی شیعرەکانی لێوانلێوە لە چەمکەکانی مرۆڤ و مرۆڤگەرایی . مرۆڤی هاوچەرخ تەوەری سەرەکی شیعرەکانی ناوبراوە و خەم و پەژارەی بەردەوامیەتی .

مرۆڤی ناو شیعرەکانی شێرکۆ مرۆڤێکی رەهایە کە بە دوور لە هەر سیاسەت و دەمارگرژییەک ، جوانیەکان وەک خۆی دەبینێت و بە دوای ژیانێکی ئاسودەدا دەگەڕێت.

مرۆڤ لە شیعری ناوبراودا بە مانای ئازادی ، ژیان ، نەتەوە و شوناسە . مرۆڤ لە شیعری ئەودا ، زادەی کێوەکان ، دەشتەکان ، دەریا ، منداڵان و ژنانی نیشتمانەکەیەتی . نۆستالژی و نامۆیی و بیرەوەرییەکانی نیشـــتمانەکەی زۆر جار ئازاری دەدات و هەندێک جاریش دەبنە چرایەک بۆ

داهاتوو. ئازادی مرۆڤەکان لە نیشـــتمانەکەیدا هیچ مانایەکی نیە و بە تێکڕا ســـەرکوت کردن و کوشتنی دەنگەکانە ، چونکە نەتەوەکەی ئەو ، ژێردەستەی داگیرکەران و رژێمە داپڵۆسێنەرەکانە و چەندین کارەساتی جەرگبڕ بە سـەر مرۆڤی نیشـتمانەکەیدا هاتووە ، کە تازەترینیان لەوسـەردەمەدا هێرشە گشتگیرەکەی (زەعیم صدق ) ی مرۆڤکوژ بوو .

شۆڕش و کۆشش بۆ بەدەست خستنەوەی مافەکانی مرۆڤ و سەربەستی و ئازادی تاکەکانی کۆمەڵ ، هەوێنێکی بەپیتی شیعرەکانی شێرکۆیە ، کە بە بڕوای شاعیر شیعری بەرگری و شۆڕش لە ناو کوردانداتەمەنێکی دێرینی هەیە .

شـــێرکۆ وەک شـــاعیرێکی هیومانیســـت بەردەوام لە خەمی بەهابالاکانی مرۆڤ و ژیانی پڕ چەرمەسەرییانە و هۆشیارانە و ورد ئاگای لە ژیانی دەوروبەریەتی و لە پارچە شیعری (ژێرەوە)دا دەڵێت :

لەناو کەشی ێ شارەکەما
لە ژێر مێزەری گەورەیا ،
لە ناو قوبەی منارەیا ...
رۆژیی هەزار بەچکە رێویی
چاو زیت ئەزێن ..
رۆژی هەزار ،
رۆژی ملوێن
سوێند و بەڵێن
لە تەنافی بەنەخوێنی ئابڕویەوە
هەڵئەواسرێن !

(ژێرەوە ، شێرکۆ ، گۆڤاری روانگە ، ژمارە ۱ ، ل ٥۱)

ئاماژە بە وشـــەکانی ( کەشـــی ێ ، مێزەرە ، قوبەی منارە ) کە مەبەســـت لێی ( حاجی ، مەلا ، مزگەوت) ە و ئەم چەمکانەش راستەوخۆ دەمانگەڕێنێتەوە بۆ واقیعی ژیانی مرۆڤ لە شـارەکانی کوردســتاندا کە ئەم ســێ کارەکتەرە لە لایەن کەســانی هەلپەرســت و بەرژەوەندیخواز بە خراپ بەکارهێنراون و بوونەتە مایەی چەرمەســەری و نەهامەتی و بەرتەســک کردنەوەی ئازادییەکانی مرۆڤ و نەک هەر ئەوەش بەڵکو لە ژێر ناوی شــەرەف و ئابڕووەوە بوونەتە هۆی کوشـــتنی چەندین مرۆڤی بێتاوان .

لە بارەی ئەم نموونەشیعرەی سـەرەوە حسین عارف بەم جۆرە دەڵێت : (( دیارە شـێرکۆ باش لەوە بە ئاگایە کە کەشـــی و مێزەر و باری چەوتی قوببەی منارەی شـــارەکەی چ تلیاکێکە دەرخواردی مەردمەکە ئەدات ))

( هەر ســێ ژمارەکەی گۆڤاری روانگە ، دەزگای چاپ و پەخشـــی ســـەردەم ، ۲۰۱۱ ، ل ۱۲۷)

هەروەها شاعیر لە شیعری ( وەرزی پێنجەم دا ) کە ئەم شیعرەش وەک نموونە شیعری پێشووتر لە (گۆڤاری روانگە ژمارە ۱ ) دا بڵاوبووەتەوە ، بێ پەردە و ئاشـــکرا باس لە ژیانی مرۆڤەکانی نیشـــتمانەکەی دەکات و واقیعی ئەو ســـەردەمە کەبریتیە لە تاوانە یەک لە دوای یەکەکان دژ بە مرۆڤایەتی دەخاتە بە دیدی خوێنەر ، وەک دەڵێت :

تاوان .. تاوان ..
کاتێ بێشەی چڕی تاوان ،
دەس ئەنێتە بینی ژیان
چنگ ئەخاتە ، جەرگی ئاسۆی
بەرەبەیان

دەریای .. ئاگر ،
بەرئەداتە خەرمانی رەنج
سامال .. ئەمرێ
گەنم .. گیانی هەڵ ئەقرچێ .
زەوی .. بۆ تنۆکێ باران ،
بۆ دلۆپێ ،
شەپۆڕ .... ئەکا
ئاسایش .. چاوی کوێر ئەبێ
شەڕ .. تینوێتی بە خوێن ئەشکێ
(( ماری سەرشانی سەدەی نوێ
لە مێشکی – هیوا – تێر ئەبێ ))
(وەرزی پێنجەم ، شێرکۆ ، گۆڤاری روانگە ، ژمارە ١ ، ل ٤٧ ، ٤٨ )

لەم بەشەی شیعرەکەدا وشەکانی ( تاوان ،ژیان ، خەرمانی رەنج ، گەنم ، شەڕ ، ماری سەرشانی سەدەی نوێ ، مێشکی هیوا ) راستەوخۆ ئاماژەیە بە ژیان و بەها باڵاکانی مرۆڤ کە کەوتونەتە بەر رەحمەتی تاوانە یەک لەدوای یەکەکانی کە بەسەر نیشتمانی کوردانداا هاتوون و ژیانی مرۆڤی کوردیان سوتماک کردووە و خەرمانی رەنجیان ئاگر تێبەرداوە و مارئاسا هیوای مرۆڤی کوردیان هەڵ لوشیوە و لەم تابلۆ شیعریەدا بابەت مرۆڤ و هەموو ئەو چەمکانەیە کە پەیوەندییان راستەوخۆ بە ژیانی واقیعی مرۆڤەوە هەیە .

شێرکۆ لە شیعری ( ٢٤ سەعات – ٣ – چایخانە ) دا بەم جۆرە ئەحواڵی بێ خێری مرۆڤەکانی وڵاتەکەی دەنەخشێنێت و کوشتنی کاتەکانی تەمەن بە کاری بێ سوود دەخاتەڕوو :

سەعات ژمێر.. ورد ورد ئەڕوات
تەمەن ... لەگەڵ خۆیدا ئەبات
پیاو لەسەر کورسی تەمەڵیی
هەموو گیانی باوێشک ئەدات
رەفتار .. دووشەشی تۆپییوە
قسە ..زیت و ڕاپەڕیوە
بینین .. چاوی کوت و کوێرە ..
دەس .. دەنکی تەزبیح ژمێرە ..
خەیاڵ .. ئازاو .. پۆشتەو ... تێرە !
وا باڵی گرت .. سەعات فڕیی
نیوەی ڕێگای زەوی و مانگی
دووری بڕی ..
بەڵام هێشتا لە لای ئێمە
- کۆڕی ئەزنیف و دۆمینە –
بە شوێن خاڵێکی بەختا
دۆش دامێنە !

( دیوانی شێرکۆ بێکەس ، بەرگی یەکەم ، ٢٤ سەعات – ٣ – چایخانە ، ل ٣٧٥)

لەم نموونەی سەرەوەدا شاعیر بە هێنانی وشەکانی (سەعات ژمێر ، تەمەن ، پیاو ، دەس .. دەنکی تەزبیح ژمێرە ، کۆڕی ئەزنیف و دۆمینە ) کە وشەگەلێکن راستەوخۆ پەیوەندیدار بە ژیانی ئادەمیزاد و واقیعی ژیانی پیاوەکانی ئەو سەردەمەی کورد پیشان ئەدات ، زۆر بە جوانی توانج دەگرێتە جۆری ژیان و بەسەربردنی کاتەکان لە لایەن پیاوی کوردەوە و بەهایەکی باڵای

فەرامۆش کراوی مرۆڤـایەتی وەبیر مرۆڤی کورد دەهێنێتەوە کە ئەویش پیرۆزی و بە نرخی کاتەکانی تەمەنە کە ئەگەر بە باشـی سـودی لێ وەربگیرێت دەکرێـــت وەک خەڵکانی رۆژاوا کوردیش بتوانێ بگاتە سـەرمانگ و ئاسـمانەکان و لە ژیانیدا چەندین دەسـتکەوت و داهێنانی باش بکات ، بەڵام بەداخەوە دەبینین کە مرۆڤی کورد لە خەیاڵدا گەلێک ئازایە و هەمیشـە خۆی لە واقیع بە دوور دەگرێت . هەر لەم بارەیەوە دیسـان حسێن عارف بەمجۆرە روانینی خۆی بۆ ئەم شـیعرە دەر ئەبڕێت : ((بڕوانن ! مرۆڤەکانی کۆمەڵەکەی ئێمە لە سـەردەمی ژیانی شـاعیری لاوماندا .. سـەردەمی تەکاندان و هەنگاونانی زل بۆ پێشـەوە ، چ بابەتە مرۆڤێکن ؟! تەمەڵی .. رەفتاری تۆپیو ...قسـەی زیت ... بینینی کوت و کوێر .. دەسـا و مەچەکی دەنکی تەزبیح ژمێر .. وەکی تریش ، خەیاڵ ئازا و پۆشـتەو تێر ... تا رادەی بڕینی نیوە ( تەنها نیوە) ی رێگای مانگ و زەوی ! تا لە ئەنجامدا ئەو نموونە تەمەڵ و تۆپیوە .. یا قسەی زیت و چاو کوێرەیان لێ دەر دەچێت ! ))

( هەر سێ ژمارەکەی گۆڤاری روانگە ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، ٢٠١١ ، ل١٢٦، ١٢٧)

شـاعیر لە شـیعری (رۆژژمێری پێشـمەرگەیەک ) دا زۆر راشـکاوە دەنگی دلێری بەرامبەر بە دامەرزاوەی نەتەوەیەگرتووەکان و جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ بڵند دەکات و بەم جۆرە رۆحی هیومانیزمی بەبەر شیعردا دەکات :

لەسەر صەلیبی کوردستان
لەبەر چاوی هەموو جیهان
رۆژی دەیان مەسیحی کورد :
ئەکرێن بە قوربانی ژیان

مافی مرۆڤ درۆیەک بوو
رۆژێ لە رۆژان لە دەمی :
هەڵوەریوی ...
مێژوو... دەرچوو .

لە دوای ساڵێ ..
بێ تەل .. هەواڵێکی دامێ
ووتی : دوێنێ بە یەک بۆمبا
ماڵەکەتیان سەرنگون کرد
کەست نەما !
ووتم : کەواتە هەر بژی
ئەنجومەنی بەرزی ئاشتی !

لە ئەشکەوتا ؟؟ پرسەم دانا
بۆ ئەوانەی تا گۆڕیشیان ،
نییە لە ناو کوردستانا !

( دیوانی شـێرکۆ بێکەس ، بەرگی یەکەم ، رۆژژمێری پێشـمەرگەیەک ، ل ٣٧٩،٣٨٠)

وەک ئاماژەمان پێدا ئەم نموونە شیعرییەی شێرکۆ ، دەقێکی جوانی مرۆڤدۆستی ناوبراوە کە زۆر وەستایانە ئەو ستەمەی کەلە مرۆڤی کورد کراوە و دەکرێت بەیان دەکات و هەموو ئەو جاڕنامە و دامەزراوانەی کە لە ژێر ناوی مافی مرۆڤ و پاراســتنی ژیانی مرۆڤ لە جیهاندا دامەزراون شەرمەزار دەکات و بە درۆیەکی قێزەونیان دەزانێ کە بە بەرچاوی هەموویانەوە، مرۆڤی کورد لە ناو نیشـتمانی خۆیدا دەکوژرێـــــت و خەڵتانی خوێن دەکرێت ، بەڵام هیچ کەس و دامەزراوەیەک

ئامادە نیە نوتەکەیەکی بۆ کوردان لێ بێت ، بۆیە شێرکۆ هەر بۆ خۆی لە ئەشکەوتاندا پرسە بۆ بێ سەروشوێنانی کورد دادەنێت .

لە بەشێکی تری هەمان شیعری سەرەوەدا ، شێرکۆ لە خەمی منداڵانی بێ دەرەتان و رووت و قوتی کوردادایە و ئەو شیعرانەی خۆش ئەوێت کە وەک پێشمەرگەیەکی تینوو وابن و ئەو شیعرەی لاپەسەندە کە هەناسەی منداڵدۆستی و مرۆڤدۆستی تیا بەرجەستە بووبێت ، وەک دەڵێت :

من شاعیر نیم ...
بەڵام ئەگەر لێیان پرسیم ،
کام هۆنراوە پەسەند ئەکەی ،
ئەڵێم ئەوەی
لەسەر لێوی وشەکانی
زەردەخەنەی منداڵانی
رووت و قوتی کوردی تیایە
ئەو هۆنراوەیەم خۆش ئەوێ
وەک پێشمەرگەی تینوو وایە .

( دیوانی شێرکۆ بێکەس ، بەرگی یەکەم ، رۆژژمێری پێشمەرگەیەک ، ل ٣٨١)

لای شێرکۆی شاعیر هیومانیزم سنووری نیە و هەموو مرۆڤەکان و مافەکانیان هەوێنی شیعری شێرکۆن ، چونکە دواجار هەموو هەر مرۆڤن ، بۆیە ئاگاداری شۆڕشی مرۆڤدۆستانەی گەلانی تری جیهانە و رەمزەکانیان دەناسێت و عەودالی هەواڵی شۆڕشی گەلانی ژێردەستە و ماف خوراوە ، وەک لە کۆپلەیەکی شیعری رۆژژمێری پێشمەرگەیەکدا دەڵێت :

دەنگ و باسی ئێستەگەی جیهان
بە پەلە ئەمەی راگەیان :
کە .. گیڤارا
بە دەستڕێژێ کەوت کوژرا
بۆ وەرامی ئەم هەواڵە
کە چاومان بۆ کەژ هەڵبڕی
هەر گیڤارای پێشمەرگە بوو :
بە دوژمنان پێئەکەنی !

( دیوانی شێرکۆ بێکەس ، بەرگی یەکەم ، رۆژژمێری پێشمەرگەیەک ، ل ٣٨٣)

شۆڕشی چەوساوەکان بۆ سەندنەوەی مافی مرۆڤ و لابردنی زوڵم وستەم لە شیعری شێرکۆدا جیهانییە و سنوور ناناسێت ، لە هەر لایەکی ئەم جیهانە پڕستەمکارییەدا شۆڕشێک هەبێت ، دەستە برای شۆڕشەکانی تری سەر پانتایی ئەم جیهانەیە ، بۆیە ئەگەر گیڤارایەک لە کیشوەری ئەمریکا لە بەرەی جەنگدا گیان بەخت بکات ، ئەوا لە لایەکی تری ئەم جیهانە و لە کێوەکانی کوردستان دەیان گیڤارا سەرهەڵئەدەن و خەونی دوژمنان لەگۆڕ ئەنێن .

شۆڕشی پارتیزانی و وەستانەوە بەرامبەر بە دوژمنی خوێنرێژ بۆ دەستخستنەوەی کەرامەت و سەربەخۆیی مرۆڤەکان و دەرباز بوون لە سێبەری رەشی ستەم ، لە شیعری شێرکۆدا تابلۆگەلێکی بێ وێنەن لە شیعری هیومانیزمی .

شێرکۆ لە شیعرەی ( هۆرەیەک ) دا ، باس لە مرۆڤ گەلێکی بە ناهەق لە سێدارەدراو دەکات کە تەنیا لەبەرئەوەی ویستویانە سەربەخۆبژین و وەک گەلانی تری جیهان مافی ئازادی و

ســـەربەخۆییان هەبێت ، لە لایەن دەســـەڵاتی ســـتەمکاری ئەو ســـەردەمەی ئێرانەوە لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد لە سێدارە دران ، وەک دەڵێت :

لە نیوەڕۆی دوێنێ شەوا
لەو جێیەدا کە مەهابادی شەهیدی ... لێهەڵخرا
کە ( تاران )ی بێ بارانی .. خستەگریان
لەسەر ئەو - بەردە - دانیشتم ،
بەرلەچاوی من چاوی ئەو
چراکانی سەر سێدارەی تەڕکردبوو
ئەو پەنجەرەی یادگارەم بەرامبەر بوو :
لێواری ئاخی .. ئەکرۆشتم
ئەو کێڵگانەم بەدی ئەکرد
کە بۆ – گەنم – چینەیان لە ناو کەلاوەی ،
مەرگا ... ئەکرد
لق و پۆپی درەختێکم بەچاو ئەژمارد ،
هێشووی بەفری لەسەر سەری بیرەوەری راگرتبوو
لرفەی گڕی وەکوو ئاڵا هەڵکردبوو
لەو جێیەدا جوتیارێ بووە هاوڕێم .. بێ زەویی بوو
هۆرەی دەنگی ... دیل کراوبوو

( دیوانی شێرکۆ بێکەس ، بەرگی یەکەم ، هۆرەیەک ، ل ٣٩٦)

بەهێنانی دەستەواژەکانی (مەهابادی شەهید ، سێدارە ، کێڵگانەم ، گەنم ، جوتیارێ ، هۆرەی دەنگی ... دیل کراوبوو ،زەویی ) لەم شـیعرەدا، شـێرکۆ رووداوێکی راسـتەقینەی مێژوو دەکاتە هەوێنی ناوەرۆکێکی هیومانیزمی بۆ شیعری (هۆرەیەک) کە وێنایەکی جوانی ویستی سەربەخۆیی مرۆڤی کورد دەنەخشـێنێت ، ئەگەر بە بەختکردنی گیانی قارەمانانی وەک قازی و هاوڕێکانی و سـەدانی وەکو ئەویش بێت .

شێرکۆ لە شیعری ٢٤ سەعات – ٤ – رۆژنامەدا ، بە هێنانی باسی سەر روپەڕی رۆژنامەیەک تابلۆیەکی شیعری واقیعی ئەوسەردەمەی کوردستان نمایش دەکات ، کە دەڵێت :

رووی لاپەڕەی زەردی نەخۆش
چاوی قسەی پڕ فرمێسکە..
دایکی هەواڵەکان .. رەش پۆش
خەم ... سەر پشکە .
خوێنی دێڕی رژاوی کورد
جۆگەلەی کرد ،
بەسەر ناوچەوانی باسا ،
واتیکەڵ بوو..لەگەڵ گۆمی
- خوێنی لاووس و ڤێتناما –

( دیوانی شـێرکۆ بێکەس ، بەرگی یەکەم ، ٢٤ سـەعات – ٤ – رۆژنامە ، ل ٣٧٦)

لەم نموونە شـیعریەدا ، وشـەکانی ( رۆژنامە ، لاپەڕە ، دایک ، هەواڵ ، کورد ، باس ، لاووس ، ڤێتنام) هۆکارن کە ئەم نموونە شیعرییە ناوەرۆکێکی واقیعی هیومانیزمی بە خۆ بگرێـت و شۆڕش و شەهیدانی نیشتمانی کورد و هەر دوو وڵاتی لاووس و ڤێتنام لە یەک دێڕی باسی سەر روپەڕی رۆژنامەدا پێکەوە باسبکرێن و هەوێنی ئەم شیعرەش دیسانەوە هەر مرۆڤە و ژیانی شۆڕشـگێڕی مرۆڤەکانە دژ بە ستەمکارانی سەردەم .

بێکەس لە شیعری ( ئاوڕدانەوەیەک بەرەو منالّی) دا ، حەسرەتی منداڵانی کەمدەست و هەژار و بێ دەرەتان نمایش دەکات کە هەموو حەز و هیوایەتێکیان کڕینی سەعاتێکی دەستە ، بەڵام نەبوونی ڕێگەیان نادا ئەو حەزە بچکۆلەیەشیان بێتەدی ، وەک دەڵێت :

لەکاتێکدا کە منداڵ بووم
دەستی چەپم حەزی ئەکرد
وەکو دەستی منداڵی پۆشتەی
دراوسێمان
سەعاتێکی تیا بێ ئەویش
وڕکم ئەگرت
دایکم ناچار گازی ئەگرت
لە مەچەکم
بە جێگەی - دان -
سەعاتێکی بۆ ئەکردم
ئای .... کە دڵخۆشی ئەکردم !..

( دیوانی شێرکۆ بێکەس ، بەرگی یەکەم ، ئاوڕدانەوەیەک بەرەو منالّی ، ل ٤٢٦)

شاعیر لەم شیعرەدا هەستی نۆستالژی خۆی نمایش دەکات و رۆحێکی هیومانیزمی دەکاتە بەر ئەم شیعرە و بە هێنانی وشەکانی(منداڵ ، دەستی چەپم، دراوسێ ،سەعات، دایک، مەچەک ، دان ) تەوەری باسەکە دەخاتەڕوو، کە منداڵی خۆیەتی و لەوەشەوە منداڵی هەزاران مرۆڤی کورد وەبیر دێنێتەوە کە لەبەر نەبوونی و کەمدەرامەتی ، تەنانەت توانای کڕینی سادەترین شتەکانیان نەبووە و ژیانێکی بمرە و مەژی دەژیان ، وە لە درێژەی شیعرەکەدا چەندین ئاواتی منالانە دەخاتە ڕوو کە لەوە دەچێت بۆ منالانی ئەم سەردەمە ، جێی پێکەنین بێت ، بەڵام بۆ ئەو سەردەمەی منالّیی شاعیر حەز و خواستێکی بێ وێنە بووە و مایەی خۆشحاڵی و کامەرانی بووە.

## ئەنجام :

لە بەرەنجامی ئەم باسەماندا و بە تێڕوانین لە بنەماکانی بزوتنەوەی هیومانیزم و بانگەوازی روانگە و شیعرەهیومانیزمیەکانی شێرکۆ بێکەس گەیشتینە ئەم چەند ئەنجامەی لای خوارەوە :

١- بزوتنەوەی هیومانیزم ئەگەرچی سەدان ساڵ لەمەوپێش سەریهەڵدا و گەشەی سەند ، بەڵام بە تێرامان لە دوالیزمی زاڵم و مەزلوم و ستەمکار و ستەملێکراو ، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەم بزوتنەوەیە نەک هەر کاڵ نابێتەوە ،بەڵکو بەردەوام وەک پارێزەرێکی مافەزەوتکراوەکانی مرۆڤ لەلایەن هەندێک مرۆڤی ستەمکارەوە ، رۆڵی خۆی دەبینێت و ئەو شیعر و بانگەوازە ئەدەبیانەی کە بە هەناسەیەکی هیومانیزمی بڵاوبوونەتەوە و بەردەوامیش هەر بڵاودەبنەوە ، بە دوای دەستخستنەوەی بەها باڵاکانی مرۆڤن و گێڕانەوەی شکۆ و رێز و پایەی بەرزی مرۆڤ بووەتە کاری لە پێشینەیان .

٢- بانگەوازی روانگە و دامەزرێنەرانی ئەم بزوتنەوەیە ، هیومانیزم و مرۆڤدۆستیان کردووەتە هەوێنی کار و بانگەوازیان و لەسەر ئەو رێچکەیە بەگژ زۆر نەریتی کۆن و کۆنەپەرستدا چوونەتەوە .

٣- شێرکۆ وەک مێژوونووسێکی کامێرا بەدەست ، بەردەوام خەریکی تۆمارکردنی هەموو ئەو کارەسات و رووداوانە بووە کەبەسەر میللەتی کورد و نیشتیمانی کورداندا هاتووە ، بە تایبەت هەوڵ و هیمەتێکی فراوانی بۆ بەرگری لە بەهابالاکانی مرۆڤایەتی خستوەتە گەڕ و تەوەری بەشێکی زۆری شیعرەکانی ناوبراو مرۆڤ و پێگەی مرۆڤایەتیە .

٤- کاتێک لە شیعرەکانی شێرکۆ بە تایبەت شیعرەکانی( سالانی ١٩٧٠ -١٩٧٣) ، تێڕادەمێنین ، دەبینین زۆرینەیان بە هەناسەیەکی هیومانیزمییەوە هۆنراونەتەوە و وەک بلێی شێرکۆ پارێزەرێکی دیاری مرۆڤە بێدەرەتان و ستەملێکراوەکانی نەک هەر کورد بەڵکو جیهانیشە .

٥- شێرکۆ بێکەس بە شیعری دڵداری و رۆمانتیکی نەبووەتە ئەو شاعیرە ، بەڵکو ئەو شیعرانە شێرکۆیان بە هەموو دونیا ناساند ، کە ناوەرۆکێکی ئینسانی و هیومانیزمیان هەیە ، واتە ئەو ناوەرۆکەی کە شیعری هەموو گەلان یەکدەخاتەوە ، چونکە دواجار مافی مرۆڤ لە هەر شوێنێک بێت هەر دەبێت رێزلێگیراو بێت و بپارێزرێت .

# Sources:


1) Edwards, Paul, the Encyclopedia of Philosophy, NewYork, Mccmillan, 1976.
2) A Critique of Liberalism and Humanism, Ayat Ghanbari, Qom, Faraz Andisheh, 2004, p. 20
3) http://daneshnameh.roshd.ir/
4) George Voigt’s 1859 The Revival of Classical Antiquity or The First Century of Humanism .
5) God and religion in a humanist approach, Maryam Sanepour, Tehran, Institute of Contemporary Culture and Thought, 2002
6) http://ar.wikipedia.org/wiki / (Holy Cathedral of Bethras)
7) http://ar.wikipedia.org/wiki / (Lorenzo di Medici)
8) Russell Bertrand, History of Western Philosophy, translated by Najaf Daryabandari, Franklin, 3531, third cat
9) Rwanga Magazine, No. 1, Noman Printing House, Najaf ,T2097,1970
10) All three numbers Rwanga Magazine, Sardam Printing and Distribution Institute, 2011
11) Descartes, René, Reflections on the First Philosophy, translated by Ahmad Ahmadi, University Publishing Center, Tehran, 1990.
12) Erniger, Paidia, translated by Mohammad Hassan Lotfi, Taran, Kharazmi, 1373, first edition.
13) Encyclopedia of Politics, Arab Foundation for Studies and Publishing, Third Edition, 1990, Part Five.
14) Maryam Sanehpour, A Critique of the Foundations of Humanist Epistemology, Contemporary Knowledge and Thought, Research Institute of Islamic Culture and Thought, 1999.
15) Humanism, John C. Lewick, translated by Dr. Mehdi Hojjat, 1997, Tehran.